سوره 31: لقمان

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

الم (1)

سەرنجی سەرەتای سوورەتی (البقرة) بدە.

تِلْكَ آيَاتُ الْكِتَابِ الْحَكِيمِ (2)

ئا ئەوانەئایەتەکانی قورئانی پڕ لەحیکمەت و داناییە.

هُدًى وَرَحْمَةً لِّلْمُحْسِنِينَ (3)

ئەم قورئانەهیدایەت بەخش و ڕێنموونیی بەخش و ڕەحمەت و
میهرەبانیەبۆ چاکەکاران.

الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَهُم بِالْآخِرَةِ هُمْ يُوقِنُونَ (4)

ئەوانەی کەنوێژەکانیان (بەچاکی) ئەنجام دەدەن، زەکاتیش (لەماڵ و
سامانیان) دەردەکەن، دڵنیاشن بەهاتنەدیی ڕۆژی قیامەت و (خۆیانی بۆ
ئامادەدەکەن).

أُوْلَئِكَ عَلَى هُدًى مِّن رَّبِّهِمْ وَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ (5)

ئا ئەوانەلەسەر ڕێگەو ڕێبازی پەروەردگاریانن، ئەوانەسەرکەوتوو و
سەرەفرازن.

وَمِنَ النَّاسِ مَن يَشْتَرِي لَهْوَ الْحَدِيثِ لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ
وَيَتَّخِذَهَا هُزُوًا أُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ (6)

هەندێ لەخەڵکی هەن قسەی بێ خێرو بێ مانا دەکڕن (وەك
گۆرانیەناپوختەکان، کتێب و شریتەبێ نرخەکانیان...هتد) تا خۆی و

کەسانی تریش لەڕێبازی خوا وێڵ بکات، بێ ئەوەی هەست بکات بەمەترسی کارەکەی، بێ ئەوەی بزانێ چ کەتنێك دەکات بەخۆی و خەڵکی، وەگاڵتەبەپەیام و ڕێبازی خوا دەکات، ئا ئەوانەسزاو تۆڵەیەکی ڕیسواکەر و ئابڕووبەر چاوەڕێیانە.

وَإِذَا تُتْلَى عَلَيْهِ آيَاتُنَا وَلَّى مُسْتَكْبِرًا كَأَن لَّمْ يَسْمَعْهَا كَأَنَّ فِي أُذُنَيْهِ وَقْرًا فَبَشِّرْهُ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ (7)

هەر کاتێکیش ئایەتەکانی ئێمەی دا بەسەردا دەخوێنرێتەوە، فیز دەکات و فوو دەکاتەخۆی و پشت هەڵدەکات، هەروەك نەیبیست، هەروەک گوێی گران و سەنگین بێت، جا مژدەبدە(بەو جۆرەکەسانە) بەوەی سزای بەئێش چاوەڕێیانە!!

إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَهُمْ جَنَّاتُ النَّعِيمِ (8)

بەڕاستی ئەوانەی کەئیمانیان هێناوەو کردەوەی چاکیان ئەنجامداوە، بەهەشتی پڕ ەنازو نیعمەت بۆیان ئامادەیە.

خَالِدِينَ فِيهَا وَعْدَ اللَّهِ حَقًّا وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (9)

هاوڕێ لەگەڵ ژیانی نەبڕاوەو نەمریدا، وەعدەو بەڵێنی خوا حەق و ڕاستەو (هەر دێتەدی)، ئەو زاتەزۆر بەدەسەڵاتەو زۆریش دانایە.

خَلَقَ السَّمَاوَاتِ بِغَيْرِ عَمَدٍ تَرَوْنَهَا وَأَلْقَى فِي الْأَرْضِ رَوَاسِيَ أَن تَمِيدَ بِكُمْ وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَابَّةٍ وَأَنزَلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَنبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ زَوْجٍ كَرِيمٍ (10)

ئاسمانەکانی دروست کردووەبەبێ کۆڵەکەبەچاوی خۆتان دەیانبینن، لەزەویشدا کێوەکانی دامەزراندووەکەلەنگەری زەویان ڕاگرتووەو (چەندەها سوودی تریان هەیە) نەوەکو ژێرەوژوور ببن و لارببنەوە، جۆرەها زیندەوەرو گیانلەبەریشی تیادا بڵاوکردۆتەوە، (هەروەها دەفەرموێت): لەئاسمانیشەوەئاومان دابەزاند، جۆرەها ڕووەك و

گژوگیای هاوجووتی بەسوودو بەکەڵك و جوان و ڕازاوەمان لەزەویدا پێ ڕواند.

هَذَا خَلْقُ اللَّهِ فَأَرُونِي مَاذَا خَلَقَ الَّذِينَ مِن دُونِهِ بَلِ الظَّالِمُونَ فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ (11)

ئائەمەیەدروستکراوانی خوا، (وەرن) نیشانم بدەن (بزانم) ئەوانی تر جگەلەو، چییان دروست کردووە، (یان ئەوەیە) ستەمکاران هەر لەگومڕاییەکی زۆر ئاشکرادا ڕۆچوون و (هەر بیر ناکەنەوە).

وَلَقَدْ آتَيْنَا لُقْمَانَ الْحِكْمَةَ أَنِ اشْكُرْ لِلَّهِ وَمَن يَشْكُرْ فَإِنَّمَا يَشْكُرُ لِنَفْسِهِ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ اللَّهَ غَنِيٌّ حَمِيدٌ (12)

بەڕاستی (ئێمە) حیکمەت و داناییمان بەخشی بەلوقمان تا هەمیشەشوکرانەبژێرو سوپاسگوزاری خوا بێت، خۆ ئەوەی سوپاسگوزار بێت، ئەوەقازانج و سودی سوپاسگوزاریەکەی هەر بۆ خۆی دەگەڕێتەوە، ئەوەش کەسوپاس ناپەزێرەخوای گەورەبێنیازەو (پێویستی بەسوپاسی کەس نیە، هەرچەندەدبوا گرۆی ئادەمیزاد تێکڕا زۆر سوپاسگوزار بونایە).

وَإِذْ قَالَ لُقْمَانُ لِابْنِهِ وَهُوَ يَعِظُهُ يَا بُنَيَّ لَا تُشْرِكْ بِاللَّهِ إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ (13)

جا لوقمان بەکوڕەکەی خۆی وت: لەکاتێکدا کەئامۆژگاری دەکرد: کوڕەکەم نەکەی هەرگیز (شتێك یا کەسێك) بەهاوتاو هاوبەشی خوا بڕیار بدەیت، (چونکە) بەڕاستی هاوتاو هاوبەش بڕیار دان ستەمێکی زۆر گەورەو ناڕەوایە.

وَوَصَّيْنَا الْإِنسَانَ بِوَالِدَيْهِ حَمَلَتْهُ أُمُّهُ وَهْنًا عَلَى وَهْنٍ وَفِصَالُهُ فِي عَامَيْنِ أَنِ اشْكُرْ لِي وَلِوَالِدَيْكَ إِلَيَّ الْمَصِيرُ (14)

(لێرەدا خوا ئامۆژگاریەکان لەدەمی لوقمان وەردەگرێت و خۆی ئامۆژگاریمان دەکات و دەفەرموێت): کەئێمەئامۆژگاری ئادەمیزادمان

کردووەبەچاك ڕەفتاری لەگەڵ دایك و باوکدا، دایکی بەئێش و ئازارو لاوازی و بێ تاقەتیەکی زۆرە، (بەپێستی سکی نۆ مانگ هەڵی گرتووە)، دوای دوو ساڵ لەشیری بڕیوەتەوە، (کەواتە) ئەی ئینسان سوپاسگوزاری منیش و دایك و باوکیشت بە، (وەدڵنیابەکە) گەڕانەوەتان بۆ لای منە.

وَإِن جَاهَدَاكَ عَلى أَن تُشْرِكَ بِي مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ فَلَا تُطِعْهُمَا وَصَاحِبْهُمَا فِي الدُّنْيَا مَعْرُوفًا وَاتَّبِعْ سَبِيلَ مَنْ أَنَابَ إِلَيَّ ثُمَّ إِلَيَّ مَرْجِعُكُمْ فَأُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ (15)

ئەگەر دایك و باوکت کۆششیان لەگەڵتا کرد، تا بەبێ هیچ (بەڵگە)و زانیارییەك هاوەڵ بۆ من بڕیار بدەیت، فەرمانبەرداریان مەبەو بەقسەیان مەکە، بەڵام هەر ەدنیادا هاوڕێ و هاوەڵ و خزمەتگوزاری چاك بەبۆیان (لەهەموو بارودۆخێکدا) هەر شوێنی ئەوانەبکەوەکەڕێبازیان بۆ لای من گرتۆتەبەر، لەوەودوا گەڕانەوەتان بۆلای منە، ئەوسا هەواڵی ئەو هەموو کارو کردەوەکانتان دەدەمێ.

يَا بُنَيَّ إِنَّهَا إِن تَكُ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِّنْ خَرْدَلٍ فَتَكُن فِي صَخْرَةٍ أَوْ فِي السَّمَاوَاتِ أَوْ فِي الْأَرْضِ يَأْتِ بِهَا اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٌ (16)

پاشان لەسەر زاری لوقمان دەفەرموێت: ئەی کوڕی (ئازیزم) ئەگەر بەقەدەر تۆوی خەرتەلەیەك (کەزۆر وردەو وەك ئارد وایە) کردەوەی چاك یا خراپ ئەنجام بدەیت، وەلەناو بەردێکدا لەئاسمانەکان یان لەزەویدا حەشاردرابێ (لای خوا شاراوەنیە) و دەیهێنێتەمەیدان، (چونکە) بەڕاستی خوا هیچ شتێکی لێ شاراوەنیەو زۆریش ئاگایە.

يَا بُنَيَّ أَقِمِ الصَّلَاةَ وَأْمُرْ بِالْمَعْرُوفِ وَانْهَ عَنِ الْمُنكَرِ وَاصْبِرْ عَلَى مَا أَصَابَكَ إِنَّ ذَلِكَ مِنْ عَزْمِ الْأُمُورِ (17)

کوڕەکەم نوێژەکانت (بەچاکی) ئەنجام بدە، فەرمان بەچاکەبدە، قەدەغەلەگوناهو خراپەبکە، بەئارام بەلەبەرانبەر ئەو ناخۆشیانەی

کەتووشت دەبێت، بەڕاستی ئەو جۆرەکارو کردەوانەلەئیشەچاك و پەسەندەکانن.

وَلَا تُصَعِّرْ خَدَّكَ لِلنَّاسِ وَلَا تَمْشِ فِي الْأَرْضِ مَرَحًا إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ (18)

هەروەها ڕووت وەرمەگێڕەلەخەڵکی و (لووت بەرز مەبەو بەچاوی سوك سەیریان مەکە)، بەسەر زەویدا بەنازو فیزەوەمەڕۆ، بەڕاستی خوا ئەو کەسانەی خۆش ناوێت کەخۆهەڵکێش و فەخر فرۆش و قێزاوین.

وَاقْصِدْ فِي مَشْيِكَ وَاغْضُضْ مِن صَوْتِكَ إِنَّ أَنكَرَ الْأَصْوَاتِ لَصَوْتُ الْحَمِيرِ (19)

(هەوڵ بدە) لەڕۆیشتنتنا مامناوەندیانەبڕۆ، بەرەو ئامانجێکی چاك هەنگاو بنێ، بەدەنگی هێواش و لەبار گفتوگۆ بکەو بدوێ، چونکەبەڕاستی ناخۆشترینی دەنگەکان دەنگی گوێدرێژە.

أَلَمْ تَرَوْا أَنَّ اللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَأَسْبَغَ عَلَيْكُمْ نِعَمَهُ ظَاهِرَةً وَبَاطِنَةً وَمِنَ النَّاسِ مَن يُجَادِلُ فِي اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَلَا هُدًى وَلَا كِتَابٍ مُّنِيرٍ (20)

ئایا نابینن چۆن هەرچی لەئاسمانەکان و زەویدا هەیەهەر هەمووی خوا بۆ خزمەتی ئێوەدروستی کردووەو ملکەچی کرووە، هەروەها نازو نیعمەتەکانی ئاشکراو پەنهانی بەسەردا ڕژاندوون، کەچی هەندێ لەخەڵکی (موجادەلەو) گفتوگۆی نابەجێ دەربارەی خوا دەکەن بێ هیچ زانیاری و ڕێنموونی و (بەرنامەو) کتێبێکی ڕوون و ئاشکرا.

وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اتَّبِعُوا مَا أَنزَلَ اللَّهُ قَالُوا بَلْ نَتَّبِعُ مَا وَجَدْنَا عَلَيْهِ آبَاءَنَا أَوَلَوْ كَانَ الشَّيْطَانُ يَدْعُوهُمْ إِلَى عَذَابِ السَّعِيرِ (21)

خۆ ئەگەر پێیان بوترێت شوێنی ئەو بەرنامەیەبکەون کەخوا ناردوویەتی، دەڵێن: بەڵکو ئێمەهەر شوێنی ئەو (شتانە) دەکەوین کەباوانمان پەیڕەویان لێوەکردووە، ئەی چۆنەئەگەر (بەو کردارەیان)

شەیتان بانگیان بکات بۆ سزای داگیرساوی دۆزەخ، (ئایا هەر پەیڕەوی باوان دەکەن؟!).

وَمَن يُسْلِمْ وَجْهَهُ إِلَى اللَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَى وَإِلَى اللَّهِ عَاقِبَةُ الْأُمُورِ (22)

ئەوەی ڕوو بکاتەپەروەردگاری لەکاتێکدا کەئەو ئادەمیزادێکی چاکەخوازە، ئەوەمانای وایەکەدەستی بەهۆیەکی زۆر بەهێزەوەگرتووە، سەرئەنجامی هەموو کارێکیش هەر بۆلای خوا دەگەڕێتەوە.

وَمَن كَفَرَ فَلَا يَحْزُنكَ كُفْرُهُ إِلَيْنَا مَرْجِعُهُمْ فَنُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوا إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ (23)

ئەوەش کەکافرە، هیچ خەفەت مەخۆ لەکافربوونەکەی، گەڕانەوەیان بۆلای ئێمەیە(ئەو کاتە) هەواڵی هەموو کارو کردەوەکانیان پێ ڕادەگەیەنین، بێگومان خوا ئاگادارەبەهەموو ئەو شتانەی کەلەسینەو دڵ و دەروونەکاندا حەشار دراون.

نُمَتِّعُهُمْ قَلِيلًا ثُمَّ نَضْطَرُّهُمْ إِلَى عَذَابٍ غَلِيظٍ (24)

کەمێك ماوەیان دەدەین، تا تاوێك ڕابوێرن، لەوەودوا ناچاریان دەکەین کەبچنەناو سزای توندو سەختەوە.

وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ قُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ (25)

خۆ ئەگەر پرسیار (لەبێدین و کافران) بکەیت: کێ ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە، زۆر بەدڵنیاییەوەدەڵێن: خوا، تۆش (ئەی محمد صلی اللهعلیهوسلم) بڵێ: سوپاس و ستایش بۆ خوا (لەسەر وتنی ئەو ڕاستیە)، بەڵام زۆربەیان نەفام و نەزانن.

لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ إِنَّ اللَّهَ هُوَ الْغَنِيُّ الْحَمِيدُ (26)

هەرچی لەئاسمانەکان و زەویدا هەیەهەر خوا خاوەنیانەبەڕاستی هەر ئەو خوایەخۆی بێنیازەو سوپاسگوزاری هەر شایستەی ئەوە.

وَلَوْ أَنَّمَا فِي الْأَرْضِ مِن شَجَرَةٍ أَقْلَامٌ وَالْبَحْرُ يَمُدُّهُ مِن بَعْدِهِ سَبْعَةُ أَبْحُرٍ مَّا نَفِدَتْ كَلِمَاتُ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ (27)

ئەگەر هەرچی درەختەکانی سەر زەوی هەیەببنەپێنوس، دەریاش چەندەیەو ببێتەحەوت ئەوەندە(ببێتەمرەکەب و زانست و نهێنی دروستکراوەکانی خوا بنوسنەوە، قەڵەمەکان کول دەبن و تەواو دەبن مرەکەبەکەش تەواو دەبێت و چۆڕای دێت، بەڵام)، فەرمودەو زانست وزانیاری خوا هەر تەواو نابێت، بەڕاستی خوای گەورەزۆر بەدەسەڵاتەو زۆریش دانایە.

مَّا خَلْقُكُمْ وَلَا بَعْثُكُمْ إِلَّا كَنَفْسٍ وَاحِدَةٍ إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ (28)

دروست کردن و بەدیهێنانی هەمووتان و زیندووکردنەوەتان (دوای مردن) وەك دروست کردن و زیندووکردنەوەی تاکەکەسێك وایە، بەڕاستی خوا زۆەبیسەرەو زۆریش بینایە.

أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يُولِجُ اللَّيْلَ فِي النَّهَارِ وَيُولِجُ النَّهَارَ فِي اللَّيْلِ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُلٌّ يَجْرِي إِلَى أَجَلٍ مُّسَمًّى وَأَنَّ اللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ (29)

ئایا نابینی خوا شەو تێهەڵکێشی ڕۆژ دەکات و ڕۆژیش تێهەڵکێشی شەو دەکات، ڕۆژو مانگی بۆ تەرخان و ملکەچ کردوون، هەریەکەیان تا کاتێکی دیاریکراو لەسوڕانەوەیاندا بەردەوا دەبن، بەڕاستی خوا بەکاروکردەوەی ئەو خەڵکەزۆر ئاگادارە.

ذَلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ هُوَ الْحَقُّ وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِن دُونِهِ الْبَاطِلُ وَأَنَّ اللَّهَ هُوَ الْعَلِيُّ الْكَبِيرُ (30)

(ئەو شتانەدەری دەخەن) کەهەر خوا خۆی حەق و ڕاستەقینیە، هەرچی لەباتی ئەو دەیپەرستن و هاواری لێدەکەن، بەتاڵ و ناحەقیە، بەڕاستی خوا زۆر بەرزو پایەبڵندو گەورەیە.

أَلَمْ تَرَ أَنَّ الْفُلْكَ تَجْرِي فِي الْبَحْرِ بِنِعْمَتِ اللَّهِ لِيُرِيَكُم مِّنْ آيَاتِهِ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّكُلِّ صَبَّارٍ شَكُورٍ (31)

ئایا نابینی کەشتیەکان ۆن بەدەریادا هاتووچۆ دەکەن و نازو نیعمەتی خوا دەهێنن و دەیبەن و دەسەڵاتی خوا دەخەنەڕوو، بەڕاستی ئالەو شتانەدا بەڵگەو نیشانەی زۆر هەیەبۆ ئەو کەسانەی کەزۆر دان بەخۆدا دەگرن و زۆر سوپاسگوزارن.

وَإِذَا غَشِيَهُم مَّوْجٌ كَالظُّلَلِ دَعَوُا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ فَلَمَّا نَجَّاهُمْ إِلَى الْبَرِّ فَمِنْهُم مُّقْتَصِدٌ وَمَا يَجْحَدُ بِآيَاتِنَا إِلَّا كُلُّ خَتَّارٍ كَفُورٍ (32)

(لەدەریادا) ئەگەر شەپۆلێك ئابلۆقەی (موشریکەان) بدات وەك کێوەکان گەورەبێت، هاناو هاوار دەبەن بۆ خوا زۆر دڵسۆزانە(هەموو ئەو شتانەفەرامۆش دەکەن کەزووتر پشتیان پێ دەبەست) بەڵام کاتێك کەڕزگاریان دەکات و دەیانگەیەنێتەوشکانی، هەیانەبەردەوام دەبێت لەسەر ڕێبازی ئیمان دەمێنێتەوەلەسەر یەکتاناسینی خوای میهرەبان، (هەشیانەڕێگەی نادروستی خۆی دەگرێتەوە)، جا کەس لەئایەت و بەڵگەکانی ئێمەنکولی نیەجگەلەتاوانباران و حەق پۆشەکان.

يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمْ وَاخْشَوْا يَوْمًا لَّا يَجْزِي وَالِدٌ عَن وَلَدِهِ وَلَا مَوْلُودٌ هُوَ جَازٍ عَن وَالِدِهِ شَيْئًا إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِاللَّهِ الْغَرُورُ (33)

ئەی خەڵکینەلەپەروەردگارتان بترسن (خۆتان لەخەشم و قینی بپارێزن)، وەلەڕۆژێك بترسن کەباوك فریای ڕۆڵەی خۆی ناکەوێت، ڕۆڵەیش هیچی لەدەست نایەت کەبۆ باوکی ئەنجام بدات، بەڕاستی بەڵێنی خوا بەبەرپابوونی قیامەت، حەقیقەت و ڕاستەقنەیە، (وریا بن) ژیانی دنیا لەخشتەتان نەبات، (نەفسی بەدکارو شەیتانی بەدڕەفتار) سەرگەردانتان نەکات و غەڕاتان نەکات.

إِنَّ اللَّهَ عِندَهُ عِلْمُ السَّاعَةِ وَيُنَزِّلُ الْغَيْثَ وَيَعْلَمُ مَا فِي الْأَرْحَامِ وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ مَّاذَا تَكْسِبُ غَدًا وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ بِأَيِّ أَرْضٍ تَمُوتُ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ (34)

بەڕاستی هەر خوا خۆی زانیاری ( بەرپابوونی) ڕۆژی قیامەت دەزانێ، بارانیش هەر ئەو دەیبارێنێ، دەزانێت چی لەسکی دایکاندا هەیە، هیچ کەس نازانێت سبەی (چی بەسەر دێت و) چی دەست دەکەوێت (لەبەرهەمی ماددی دنیای یا لەزەخیرەو توێشوی قیامەت)، هیچ کەسیش نازانێ لەچ سەرزەویەکدا دەمرێت و کۆتای ژیانی دێت (هەروەها کاتی مردن و چۆنیەتیەکەشی شاراوەیە) بەڕاستی هەر خوا (بەم شتانەو زۆر زیاتریش) زانایەو زۆریش ئاگادارە.